# شەش خاڵ، شەش شوشەی تەخدیر؟! *

ئاسۆعەبدوللەتیف

پاش زنجیرەیەك خۆپیشاندان و تورەبوون و گڕگرتنی شەقامی كوردی دژبە دەسەڵاتی یەكێتی و پارتی لەئاست لاوازی لە بەڕێوەبردنی كوردستاندا، رۆژی 8/9 ی ئەم مانگەو لە هاوینەهەواری سەلاحەدین و لەو شوێنە فێنك و سازگارەدا هەردوو مەكتەبی سیاسی یەكێتی و پارتی بە سەرپەرشتی بەرێزسەرۆكی هەرێم كۆبونەوەیەك ساز ئەكەن و باس لە رەوشی گەرمی خۆپیشاندانەكان ئەكرێ و شەش خاڵ ئەخەنە روو بۆ چارەسەركردنی قەیرانەكان و هێوركردنەوەی خۆپیشاندەران(pukmedia ) لە راستیدا ئەمە كۆبونەوەیە بۆ ئەو مەترسیەی كە ئیدی خەڵك هۆشیاربۆتەوەو چاوەروانی بەڵێن و نوسین و خۆشنودیەكانی دەسەڵات ناكەن و ماڵە شوشەییەكانی دەسەڵاتدارانیش تەواو لە مەترسیدایە، ئەم كۆبونەوەیە پیشاندانی مەترسیەكی قوڵی دەسەڵاتە لەو موعادەلەیەی كە تاكی كورد بۆ ئەبێ بچێ بەگژ شۆرشگێرانی دوێنێداو بەرد لە ناوچاوانیان بگرێ؟ لەكاتێكدا لەموعادەلەی دوێنێی شۆرشدا ئەم بەرد وەشێنانەی كەئێستا لە زیندان و لەژێر رەحمەتی تەقەكردندان پەنیرو نان و دۆی ساردو باوەشێنیان بۆ ئەم شۆرشگێرانە ئەبردو لە پێخەفی خۆیاندا ئەیانخەواندن؟!

ئەوان ئەزانن تازە خەڵكی هۆشیاردیدەی كورد بێئاگانیە لەو هەموو گەندەڵی و دزی و رابواردنانەی دەسەڵات،مەكتەبانی سیاسی هەردولا وەك بڵێی زانیاریان نەبێ لە فەسادی ئیداری و نەبوونی پێداویستی ژیان و ئاووكارەباو سوتەمەنی، شەش خاڵی پڕ لە موجامەلەوتەخدیری پیشانی رای گشتی ئەدەن تا گەرمایی خۆپیشاندەران كەم بكەنەوە كە یەك بەیەكی ئەو خاڵانە مایەی خەیاڵپلاوی و خۆشباوەریی یە بۆ ئەو دەسەڵاتەی كە تازە بەتازە ئەڵێ تەئمینی رێگەی (بێجی – كەركوك) بكرێ بۆ ئەوەی پاڵاوگەو خەتەكانی سوتەمەنی پارێزراو بن؟! تازە بەتازە ئەڵێ(سوتەمەنی بە رێك و پێكی بگاتە كوردستان) و (كارەبای پێویست دابین بكرێ) تازە بەتازە ( وەفدی حكومەت و پەرلەمان سەردانی شوێنە جیاجیاكانی كوردستان بكەن) و ( هانی سەرمایەداران بدرێت بچن بۆ هێنانی سوتەمەنی و حكومەت لێیان بكرێ و بە هەرزان بیداتەوە بە هاووڵاتیان) وەك ئەوەی هەموو سەرمایەدارەكان دەرچووی مەكتەب سیاسیەكانی ئەوان نەبن یان زۆرێك لە سیاسیەكان نەبوبن بە تاجیری جێنتڵمان؟!ئەی پێش ئەم شەش خاڵە چیتان كردووە؟ كوانێ پرۆژە فەوریەكەی هەڵەبجە كە بەرێز سەرۆكی هەرێم بە هەڵەبجەییەكانی راگەیاند؟ پێم وایە ئەم سیستمی ئیشكردنەی یەكێتی و

پارتی لەم سیاقە تەئریخی و هەستیارەدا ئەوەندە لاوازە تەنانەت خۆشیان باوەری پیێ ناهێنن و دواجار کەسایەتی کوردیش ئەشێوێنیێ.

(خەڵك – هاوولاتی) زۆری ووت و (ئێمەش – رۆژنامەنوسان) زۆرمان نوسی (ئێوەش – حکومەت و حیزب) زۆرتان خواردو برد، کەچی نە خەڵك هیلاك بوون و نە ئێمەش سکوت و بێدەنگ بوین و نە ئێوەش تێرتان خوارد؟ کەواتە  تاوەکو مەسارو ئاراستەی ئەم سیێ رێگایە نەگۆڕدریێ بنەرەتیانە دەستکاری نەکریێ پیێم وانییە ئەم شەش خاڵەش بتوانیێ چارەی ئەو تورەیی و خەشمەی خەڵك بکات و هێوریان بکاتەوە، دەشیێ نزیك مەودا بەڵێن و پێکەنینی دیکە و کۆبونەوەی وەها، تۆزی خەیاڵ و نەشوەی دیکە بدا بە خەڵك و تەخدیرو بەنج بکرێن، بەلام دڵنیام زۆر کاتیەو تازە خەڵك فێری نەریت و کولتوری راپەرین و خۆپیشاندان بووەو خوێن و تێهەڵدانیش بە دەستکەوت و شەهامەت و شەرەف سەیر ئەکات، ئاشتبونەوەو پێکگەشتنەوەی دەست و لەپی خاکی و زبری گەنجان و کرێکاران لەگەڵ بەردو شقارتەدا ئەو زەنگ و دەهشەتەیە کە جارێکی دیکە ئەم کۆمەڵگایە چاك چاك ئاگادارەو رازی نابیێ بەرپرس و دەسەلاتی کوردی بە ئارەزووی خۆی یاری بە ویژدانی جەماوەرەوە بکات و بایی زەرەیەك چارەسەریشی پیێ نەبیێ و ناعەدالەتیش بفرۆشن پێمان بەناوی نیشتیمانپەروەریەوە، ئێوە سەلماندتان کە شۆرشگێرێکی چاك و چەلەنگی شاخ بوون بەلام مەنتیقی بیر بکەینەوەو بەینی خۆمان بیێ  ئیدارییەکی زۆر خراپی شارو شارەوانی بوون؟!

لە گۆشەی شەکری تاڵی رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە 193 بلاو بۆتەوە.